

# نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانی سەرکەوتن لەژیان

هێڤار _ خالید قادر

رانیە

بەشی یەکەم

hevar_1@yahoo.com

بیوتیوس : ئەی مرۆڤەکان بە دوای بەختەوەری لە دەرەوەی خۆتانـدا مەگـەرێن چـونکە لــە دەروونــی خوتان دایە و ئێوە لیی بیٚ ئاگان .

نهێنیەکانی خۆشبەختی رازەکانی سەرکەوتن لە ژیان ، مەسەلـەیەکی هەستیار و فـرە ڕەهەنـدە ،کـە هەڵدەگرێت بە کۆمەلێك بۆچوونی لێك جیا جیا ، قسەی لەسەر بکرێت و لێك بدرێتـەوە ، چـونکە دواجار چەمکەکانی خۆشبەختی و سەرکەوتن ، مەسەلـەیەکی ڕێژەین و پەیوەندیان بە ئینسان خۆیـەوە هەیە و ئاوێنەی ئەو کردار و ڕەفتار و بیرکردنەوە و بریارانەن ، کە لــە ڕێـرەوی ژیانـدا دەگیرێنـە بەر.

مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بە جوانی بژیت و لـەگەڵ هەموو ساتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانیدا پیبکـەنێت ، رازی خۆشبەختی ژیان ، زۆر جار لـە پەی بردن و تێگەیشتن و بۆن کردنی ساتە ناخۆشەکانی ژیانەوە دێت ، شەوانی تاریك رۆشنایی مۆمێك دەردەخات ، نائومێدیش لـە بنەرەتدا پەیوەندی بـە ئومێدێکـەوە هەیە کە بەردەوام بە روحی ئێمەدا هەڵدەزنیٚ .

ئەو مرۆڤانەی کە گەشبینن و بە هیواوە دەژیـن ، هەمیشــە کەسـانێکن کـە دەتـوانن پـەی بـە جـوغزە تاریکەکانی ژیان بەرن و جوان پیبکەنن . بە پێچەوانەوە ئەو مرۆڤانەی کە ڕەشبینن و هـەموو شـتێك لـە دەلاڤەیەکی تلخ و لێڵ و گۆشە نیگایەکی تاریکەوە دەبینن ، کەسانێکن نوقمی بێهودەیەکی گـەورە بوون .

ڤیکتۆر هۆگۆ لـە ووتەیەکدا دەڵی : مرۆڤی گەشبین بۆ هەموو کێشەیەك چارەســەرێك دەدۆزێتــەوە ، بەڵام مرۆڤی ڕەشبین بۆ هەموو چارەسەرێك گرفتێك دەدۆزێتەوە .

لێرەوە ئەو مرۆڤانەی کە لـە بەرامبەر کێشــەکانی ژیــان ، دەستەوەسـتان نـابن و دەتـوانن وەك خـۆی مامەڵــەی لـەگــەڵ بکــەن ، کەســانێکن کــە رازەکــانی خۆشــبەختی دەدۆزنــەوە دەتـوانن لــە ژیانـدا

سەرکەوتوبن ، چونکە کێشەو خەم کەسەرەکانی ژیان ، بەشێکن لە رەوتی ژیان خۆی ، کەندو لەندەکانی سەر ڕێگای کارکردن وگرفت و ئاستەنگەکانی رۆژانەمان لە سروشتی ژیان خۆیەوە دێت . هەموو مەسەلەیەك لە ژیاندا ، بەشێك لە کەمو کوری و ناشیرینی بە خۆوە دەگرێت ، وە بە پێچەوانەشەوە ، بەڵام ئەوانەی کە ئیرادە و توانای سەرکەوتنیان هەیە و هەمیشە بە هیوا و ئومێدەوە دەژین ، کەسانێکن دەتوانن پەی بندێرەکانی تەمەن بەرن و بە جوانی بژین .

ئەریك فرۆم دەڵێت : ئومێد چاوەڕوانی ئایندە نیە بەو مانایەی کە چاوەڕوانی ڕووداوێك بین کە بەیانی یان ساڵێکی دی ڕووبدات بەڵکو ئومێد ئامادەبوونە بۆ ئەوەی لە دایك نەبوە .

کەواتە ژیان لە سادەترین مانایدا ئامادەبوونە بۆ ئێستای تەمەنمان ، پلان و بەرنامە و هیواو خۆزگەکانی ئیستامانە ، مامەڵە کردنێکی واقیعیانەی کات و ساتەکانی رۆژگارمانە . ئێمە بەدەر نین لە زەمان و زەمینەیەك ، کە تێیدا دەژین و تێیدا گەورە دەبین ، لە راستیشدا وەك هۆڵمز دەڵێت گرنگ نیە لەکوێی ئەم دنیایەدا دەژین گرنگ ئەوەیە بە چ ئاراستیەك هەنگاو دەنێین .

مرۆڤ خاوەن توانایەکی گەورەیە کە دەتوانێت ببێتە کەسی داهێنەر و بەهێز و بە توانا ، دەتوانێت مێژوو دروست بکات و زیندویەتی بە ژیان بدات ، دەتوانێت کاری ناوازە و خەیاڵ پەروازی بکات ، توانای مرۆڤ بە شێوازێکە کە دەتوانێت بە گژ هەموو ئەستەم و مەحاڵەکانی ژیاندا بێتەوە .

ئەوانەی کە بروایان بە تواناکانی خۆیان هەیە و چاوەرانی کەسێکی دی ، یان هێزێکی دی نین ، کە بێت و رزگاریان بکات ، کەسانێکن کە هەموو کات و ساتێکی تەمەنی خۆیان خۆش دەوێت . بەدبەخت ترین کەسانێك لە ژیان ئەوانەن کە قەدری ساتەکانی ژیانیان نازانن و بە بێهودەیی و پوچیەوە ، بە هەستێکی لاوازەوە ، لە ژیان دەروانن . لە راستیدا ئەوە خۆمانین کە زۆر جار هەموو پەنجەرەکانی ئومێد ، بە رووی خۆماندا دادەخەین و سەراپای روحمان شەلاڵی بێهودەیی دەکەین .

ژیان زۆر سادەترە و جوانتر و ناسك ترە لەوەی بە کۆلێك خەمەوە لێیبروانین ، یان بە قورسیەوە سەیری بکەین .

سوهراب دەڵێ : ئێمە بۆ ئەوە لە دایك نەبوین تا لە نهێنی گوڵە باخ تێبگەین دەشێت کاری ئێمە ئەوە بێت لە ناو ئەفسوونی گوڵە باخدا مەلە بکەین .

لە بێدەنگیدا جۆریك لە قسە کردن ، لە تەنهایدا بەشێك لە مۆزیك ، لە غەریبیدا بەشێك لە گۆرانی ،لە خەمدا بەشێك لە عەشق ، لە ساتەکانی تەمەندا بەردەوام روحێکی مندالانە لەگەڵمان دەژی و لەدەروونمانا گەورە دەبێت .

خۆشبەختی ژیان ، مامەڵە کردنێکی سادانەی کاتەکانی تەمەنە و پەیوەندیەکی گرێدراوی بە جوانی بینیەوە هەیە لە هەست و روحێکی ژیاندۆستانەوە دێت . نهێنیەکانی سەرکەوتن پەیوەندی بە ئینسان خۆیەوە هەیە وەك کورد دەلێت : چی بچێنیت ئەو دەدوریتەوە .
وە بەختەوەری وەك راشیلی دەڵێت : تەنها یەك پێناسی هەیە ئەویش بروا بوون بە بەختەوەرییە .